**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٨٧١٩ لە ٢٠٢١/٩/١٩**

لەژێر رۆشنایی بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە (٦٣)ی ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠٢١/٩/١ بە ژمارە (١١٠) لە ٢٠٢١/٩/١ و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر و ئاماژە بە گەلاڵەنامەی رێکخستنی تایبەت بە میکانیزمی فرۆشتنی توێژاڵی سیمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت) کە دەرچووە لە لایەن دەستەی راگەیاندن و گەیاندنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ (CMC) و رێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی. بڕیارماندا بە دەرچوواندنی رێنمایی رێکخستنی میکانیزمەکانی فرۆشتنی توێژاڵی سیمی ئەلیکترۆنی ( سیم کارت):

**رێنمایی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠٢١**

**رێنمایی رێکخستنی میکانیزمەکانی فرۆشتنی توێژاڵی (الشريحة الالكترونية )**

**سیمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت) لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان دیاریکراوە بەرامبەریان بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێنماییە.

**١- وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

**٢- لایەنی ئەمنی:** بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایشی پارێزگاگان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.

**٣- مۆڵەتپێدراو:** بریتییە لە کۆمپانیاکانی پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن کە رێگەپێدراون لە دەستەی (CMC) یان وەزارەتی گواستنەوە گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**٤- لیژنەی بەدواداچوون:** لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم رێنماییە لە گشت یەکە کارگێڕییەکان.

**٥- بریکار:** هەر کەسێک خاوەنی ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕ و ئامێری بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بۆ کاراکردنی توێژاڵەکان (سیم کارت) بەپێی رێککارە یاساییەکان لە مۆڵەتپێدراو و تۆمارکردنی لە وەزارەتی ناوخۆ.

**٦- بەشداربوو:** هەر کەسێک یان دامەزراوەی بازرگانی یان لایەنی حکومی یان نێودەوڵەتی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ گرێبەست ئەنجام دەدات لەگەڵ مۆڵەتپێدراو بە مەبەستی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بەپێی مۆڵەتەکەی.

**٧- تۆمارکردن (بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی):** بریتییە لە میکانیزمەکانی پەیڕەوکراو لە پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی گرێبەستەکان و دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە بەشداربووان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی لە ڕێگای ئامادەبوونی کەسی دیاریکراو (بەشداربوو) لە شوێنەکانی فرۆشتن، و نووسینەوەی زانیارییەکانی بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بە لەخۆگرتنی (وێنەی کەسی، و پەنجەمۆری ئەلیکترۆنی زیندوو، دیکۆمێنتەکان) و ڕێکخستنیان لە گرێبەستێک، یان لە ڕێگای گرێبەستکردنی لایەنی مۆڵەتپێدراو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیاکان یان دامودەزگاکان (گشتی و تایبەتی).

**٨- گرێبەست:** بریتییە لە گرێبەستێکی هاوبەش لەنێوان بەشداربوو و مۆڵەتپێدراو و کە بەشداربوو مافی پێدەدرێت بە بەکارهێنانی تویژاڵی گەیاندن و خزمەتگوزارە پێشکەشکراوەکان لەلایەن مۆڵەتپێدراو، هەروەها بریتییە لە گرێبەستێکی ئەنجامدراو لە ڕێگەی پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی کە گشت زانیاری و داتاکانی بەشداربوو لەخۆ دەگرێت سەرباری مەرج و ڕێککارەکانی پەیوەست بە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی لە نێوان کۆمپانیا و بەشداربوو.

**٩-تویژاڵی سیم:** سیم کارت SIM یان UIM و سیمی ئەلیکترۆنی E-SIM.

**١٠-تویژاڵی داتا Data:** بریتییە لە تویژاڵێکی زیرەک بۆ یەکەی ناسینی بەشداربوو کە هیچ ئاخافتنێک نە دەنێرێت، نە وەردەگرێت، تەنیا بۆ مەبەستی گواستنەوەی زانیارییەکان بەکاردەهێندرێت.

**ماددەی (٢): مەبەست لەدەرکردنی ئەم ڕێنماییە**

مەبەست لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە بۆ ڕێکخستنی فرۆشتنی تویژاڵی سیم و نەهێشتنی دیاردەی فرۆشتنی تویژاڵی بێ سەرەتا و بێ خاوەن بۆ ڕێگری کردنە لە خراپ بەکارهێنانی بۆ ئەنجامدانی تاوان و کاری هەڕەشەکردن و تۆقاندن و تیرۆریستی دەرهەق بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی تاوانەکانی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن.

**ماددەی (٣): پابەندییەکان**

**یەکەم: پابەندییە گشتییەکانی مۆڵەتپێدراو:**

١- لایەنی بەرپرسیارە لە وردبینی کردنی گرێبەستەکە بەپێی ڕێککارەکانی ئەم ڕێنماییە و بەرپرسیارە لەبەرامبەر وەرگرتنی تۆمارکردنی بەشداربوو و کاراکردن یان وەستاندن یان هەڵپەساردنی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها بەرپرسیارە بەرامبەر یاسا لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی وردبینیکردنەکە.

٢- دەبێت پابەند بێت بە کاراکردنی تویژاڵەکان لە ڕێگای بریکار لە لایەن لایەنی ئەمنی ڕێگەپێدراوە، پێویستە بەر لە کاراکردنی تویژاڵەکە، گشت زانیارییەکانی بەشداربوو تۆمار بکرێت و بەدیکۆمێنت بکرێت (توثیق) بەپێی ڕێوشوێن و ڕێنماییەکانی بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی کە هاتووە لەم ڕێنماییە، و کاراکردنی هەر تویژاڵێک بەدەر لە ڕێککارەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە قەدەغەیە لە گشت حاڵەتەکان لەلایەن مۆڵەتپێدراو یان بریکار.

٣- لە گشت حاڵەتەکان، مۆڵەتپێدراو پابەندە بە مامەڵەنەکردن و نەفرۆشتن و پێنەدانی تویژاڵەکان بەو شوێن و نووسینگانەی کە ڕێگەپێدانیان نییە لەلایەنی ئەمنی، بە پێچەوانەوە مۆڵەپێدراو ڕووبەڕووی گشت بەدواداچوونە یاسایی و داراییەکان دەبێتەوە لە حاڵەتی دەستبەسەرداگرتنی هەر تویژاڵێک لەلایەن لایەنی ڕاسپێدراو بەپێی یاسا.

٤- هەڵسانی مۆڵەتپێدراو بە پابەندکردن و تواناداركردنی بریکارەکان بە کاراکردنی تویژاڵەکان تەنیا بەپێی سیستەمی بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی دیاریکراو لەم ڕێنماییە.

٥- هەڵسانی مۆڵەتپێدراو بە پێشکەشکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە بریکار و داواکارییەکانی پێدانی مۆڵەتی فەرمی بەلایەنە ئەمنییەکان وەکو (ناوی بازرگانی بریکارەکە، ناوی سیانی بریکار لەگەڵ ناوی دایکیان و دیکۆمێنتە سەلمێنەرەکان، ژمارەی تەلەفۆن، ژمارەی ئامێری کاراکردن لەگەڵ ژمارەی سیریاڵی ئامێرەکە –ئەگەر هەبێت-، ناونیشانی بریکار بەشێوەیەکی تێروتەسەل لەگەڵ شوێنی تانوپۆی– احداثیات - ی بریکار، ئیمەیڵی بریکارەکە، مۆری بریکار کە زانیارییەکانی (ناوی شوێنەکە و ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن) لەخۆ بگرێت،و دەبێت لەکاتی گۆڕین یان لەکارکەوتنی ئامێری کاراکردنەکە لایەنی ئەمنی ئاگاداربکرێتەوە.

٦- پابەندە بە تۆمارنەکردنی تویژاڵەکان لەسەر ئەو هاووڵاتییانەی کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە تەمەنی یاسایی کە (١٨) ساڵ و هەروەها ئەوانەی شیانی یاساییان نییە.

٧- پابەندە بە پێدان و ئاگادارکردنەوەی لایەنی ئەمنی بە هۆی لینکێکی هونەری بۆ ئەوەی لایەنی ئەمنی بتوانێت بڕوانێتە گشت زانیارییەکانی مۆڵەتپێدراو تایبەت بە بەشداربووان لە چوارچێوەی ئەم ڕێنماییە وەکو (فرۆشتن و تۆمارکردنی تویژاڵەکان بەپێی بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی و میکانیزمی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەکان لە هەموو حاڵەتەکانی ڕەزامەندبوون و ڕەتکردنەوە و زانیارییەکانی بەشداربووان) بۆ گفتۆگۆکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و ماوەی جێبەجێکردنەکەی لە نێوان لایەنی ئەمنی و مۆڵەتپێدراو بەئامادەبوونی مۆڵەتپێدەر.

٨- پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی ئەمنی پێش دوو هەفتە لە هەڵسانی بریکار لەکاتی گۆڕینی شوێنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

٩- بەرپرسیارە بەپێی ئەم ڕێنماییەو لەکاتی بەدەستنەهێنانی (بریکارەکان) مۆڵەتی لایەنی ئەمنی، مامەڵەکردنی مۆڵەتپێدراو قەدەغەدەکرێت لەگەڵ (بریکارەکان).

١٠- پابەندە بە بڵاوکردنەوەی ناوو ناونیشانی گشت بریکارەکان و بنکەکانی خزمەتگوزاری لەسەر پێگەئەلیکترۆنەکانیان و نوێکردنەوەیان بەبەردەوامی، سەرباری بڵاوکردنەوەی ریکلامی تایبەت بە میکانیزمی کاری بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی تایبەت بە ڕێکخستنی گرێبەستی تویژاڵەکان.

١١- پابەندە بە پێدانی راپۆرتی تێروتەسەل هەموو مانگێک بە مۆڵەتپێدەرو لایەنی ئەمنی کە (ناوی گشت بریکارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ناونیشانیان و هێلی پەیوەندیکردنی تایبەت) لەخۆ بگرێت و ئەم زانیارییانەش لەلایەن لایەنی ئەمنی دیاریدەکرێت.

١٢-پابەندە بە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی دیکە کە لەم رێنماییەدا هاتووە.

**دووەم: پابەندییەکانی بریکار**

١- مەرجە لەسەر بریکار کە مۆڵەتی فرۆشتن بەدەستبهێنن لە لایەنی ئەمنی بۆ فرۆشتنی توێژاڵەکان بۆ پیادەکردنی فرۆشتن بەپێی رێککارەکانی هاتوو لەم رێنماییە و لایەنی ئەمنی مافی ئەوەی هەیە بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی لەکاتی سەرپێچیکردن لەلایەن بریکار.

٢- مەرجەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی توێژاڵەکان لەلایەن بریکار:

أ- بەدەستخستنی ئامێرەکانی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بۆ هەر مۆڵەتپێدراوێک.

ب-تۆمارکردنی لەلای مۆڵەتپێدراو.

ج- واژووکردنی گرێبەستێکی نووسینەکی نوێ لەلای لایەنی ئەمنی کە بەڵێن بدات بە پابەندبوونییان بەم رێنماییە و رێنماییە دەرچووەکان یان ئەوانەی لە داهاتوودا دەردەچن لەلایەن مۆڵەتپێدەر یان لایەنی ئەمنی بۆ فرۆشتن و مامەڵەپێکردنی توێژاڵەکان.

٣- دەبێت بریکار ، لایەنی ئەمنی ئەوناوچەیە نوێیە ئاگادار بکاتەوە لە کاتی گۆڕینی شوێنی کارکردنیان.

٤- پابەندبوونی بریکار بە کاراکردنی توێژاڵەکان بەپێی میکانیزم و رێککارەکانی هاتوو لەم رێنماییە و بەرپرسیاریەتی یاسایی هەڵدەگرن بەرامبەر هاوجووتی و یەکگرتنەوەی گرێبەستەکە لەگەڵ رێککارەکانی ئەم رێنماییە لە کاتی ماوەی ووردبینیکردن.

٥- نابێت بریکار گرێبەست بکات بۆ یەکێکی دیکە تەنیا بۆ خودی بەشداربوو نەبێت و نابێت کارا و گرێبەست بکرێت بە دیکۆمینتی کەسێکی دیکە تەنیا کەسی پەیوەندیدار نەبێت.

**سێیەم: پابەندییە گشتییەکانی سەر لایەنی ئەمنی**

١- پێدانی مۆڵەتی فرۆشتنی توێژاڵەکان، دەبێت مۆڵەتەکە یان رێگەپێدانەکە ئەم زانیارییانە لەخۆبگرێت (ناونیشانی وردی بریکارەکە و چوارچێوەی کارکردنی لە شوێنە جوگرافییەکەی – گوند، ناحیە، قەزا، قەزای ناوەند) واتا نابێت خاوەن مۆڵەت لە ناوچەیەکی دیاریکراو، کار بکات لە ناوچەیەکی دیکە بەڵام دەربارەی بریکارە سەرەکییەکان کە چوارچێوەی کارکردنیان فراوانترە لە ناوچەیەک یان پارێزگایەک، دەبێت چوارچێوەی کاریان بنووسن بۆ فرۆشتن و کاراکردنی توێژاڵەکان لەو ناوچە جوگرافییانەی کە کاری تێدا دەکەن کە لە مۆڵەتەکانیان دیاریکراوە.

٢- دیاریکردنی هەڵوێستی ئەمنی بریکارەکە.

٣- لایەنی ئەمنی، مۆڵەتی فرۆشتنی تویژاڵەکان دەدات بە گشت بریکارەکان لە کاتی بەجێگەیاندنی گشت مەرجەکانی هاتوو لەم مادەیە، ئەم مۆڵەتە بۆماوەیەک کەمتر نەبێت لە یەک ساڵ پێیان دەدەرێت و لەخۆوە نوێدەکرێتەوە لەلایەن لایەنی ئەمنی یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە دیاری دەکرێت لەلایەن لایەنی ئەمنی بە راوێژ لەگەڵ مۆڵەتپێدەر و بەپێی پێویستی ئەمنی.

٤- لایەنی ئەمنی مافی ئەوەی هەیە کە هەر کاتێک یان لە هەر حاڵەتێک داوا لە مۆڵەتپێدراو بکات بە راگرتنی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بریکارێک و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی، و لەسەر مۆڵەتپیدراوە راستەوخۆ جێبەجێی بکات و ئاگادارکردنەوەی دەستەی CMC و لەگەڵ پێشکەش کردنی هۆکارەکانی راگرتنەکە لە لایەن لایەنی ئەمنی ئەگەر بکرێت.

٥- لایەنی ئەمنی هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی مۆڵەتپێدراو بەشێوەی راپۆرتی فەرمی بەگشت سەرپێچییەکان و هەروەها مەودای پابەندبوونی مۆڵەتپیدراوەکان بەم رێنماییە (گەڵاڵەنامەیە).

**چوارەم: تۆمارکردنی بەشداربوو و میکانیزمی بە بەڵگەکردنی ئەلیکترۆنی:**

دوای ئەوەی بریکار مۆڵەتی پیادەکردنی فرۆشتنی تویژاڵەکان بەدەست دەهێنێت لەلای لایەنی ئەمنی بەپێی ماددەی سەرەوەی ئەم رێنماییە، تۆمارکردن دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١- دەربارەی تویژاڵی ئاسایی و داتایی، پێویستە بفرۆشێت بە هاووڵاتیانی عێراقی و بیانی (خاوەن نشینگە)، ئەم گرێبەستەی کە دێتەکایەوە لە ئەنجامی پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی، بەلانی کەم دەبێت ئەمانەی خوارەوەی تێدا بێت:

أ- ناو و لۆگۆی مۆڵەتپێدراو و ژمارەی تویژاڵەکە.

ب- زانیارییەکانی بریکار یان نوێنەری فرۆش (ناو و ژمارەی تەلەفۆنی) سەرباری رێکەوتی رێکخستنی گرێبەستەکە و ناونیشان و ناوی شوێنی فرۆشتنەکە (ناوە بازرگانییەکەی).

ج- داتاکانی بەشداربوو: تۆمارکردنی داتاکانی بەشداربوو لە گرێبەستەکە بەم شێوەیە:

- ناوی تەواو و مێژووی لەدایکبوون و ناوی دایکی بەشداربوو.
- زانیارییەکانی ناسنامەی باری شارستانی (ژمارەی ناسنامە، ژمارەی تۆمار، ژمارەی لاپەڕە) یان زانیارییەکانی کارتی نیشتیمانی (ژمارەی نیشتیمانی-ژمارەی ناساندن) یان زانیارییەکانی مۆڵەتی شوفێری یان زانیارییەکانی پاسەپۆرت، کە لایەنی ئەمنی هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئەو خانانەی کە پێویستە بە زانیارییەکان پڕبکرێنەوە لە گرێبەستەکە.
- ناونیشانی بەشداربوو: ناونیشانی بە تەواوەتی (گەڕەک، کۆڵان، ماڵ)، ئەگەر بەشدابوو دانیشتووی لادێیەکان بوو ئەوا نزیکترین خاڵی ناسراو دیاریدەکرێت.
- ئیمێڵی بەشداربوو (ئەگەر هەبوو).
- د- بەدیکۆمێنتکردنی دیکۆمێنتەکانی بەشداربوو:
- (ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتیمانی یان مۆڵەتی لێخوڕین یان پاسەپۆرت) بە هەر دوو ڕووی رەنگاورەنگ.
- کارتی زانیاری یان فورمی خۆراک.

هـ- وێنەی بەشـداربوو: پێویسـتە بەشـێوەیەکی زینـدوو و ڕەنگاورەنـگ وەربگیرێـت و پێویسـتە زۆر ڕوون بێت.

و- پەنجەمۆری بەشداربوو: پێویستە بەشێوەی دیجیتاڵی بێت و بەشێوەی وێنەیی نەبێت:

- پەنجەمۆری ئەلیکترۆنی بەم ڕێگایە وەردەگیرێت: (پەنجەمۆری ئەلیکترۆنی دەبێت تۆماربکرێـت لە ڕێگای سووڕانی پەنجەکان بۆ ئەوەی گشت هێلە هێلکارییەکانی هەر پەنجەیەک دەربچێت).
- مۆڵەتپێدراو پابەندە بە پەیڕەوکردنی پەنجەمۆری ئەلیکترۆنی .
- پەنجەمۆری پەنجەی گەورەی دەستە چەپ وەردەگیرێت، ئەگەر نەتوانرا وەربگیرێت، ئەوا پەنجە مۆری دەستەراست وەردەگیرێت، ئەگەر نەتواندرا ئەویش وەربگیرێت ئەوا پەنجەمۆری پەنجەی شـەهادەی دەسـتە چەپ (سـبابة) وەردەگیریـت و ئەگەر نەتوانـدرا ئەوا پەنجەمـۆری پەنـجەی شەهادەی دەستە راست وەردەگیرێت و .... هتد.
- مۆڵەتپێـدراو بەرپرسـیارە لە وشـیارکردنەوەی نـوێنەرانی فـرۆش و بریکارەکـان بە وەرگرتنـی پەنجەمۆری سەرەوە سەرباری هەڵسانیان بە بەکارهێنانی ئامێرەکان بـۆ وەرگرتنـی پەنجەمـۆر بە شێوەیەکی تەواو.

ز- دیکۆمێنتی نشینگەی بەرکار (کەسی ئاوارەو نیشتەجێ).

٢- دەربـارەی تـوێژاڵی سـەردانیکەران پێویسـتە تەنیـا بفرۆشـرێتە بیانییەکـان نەک عێراقییەکـان، گرێبەسـتەکەش لە پرۆسـەی بەدیکـۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنـی پێویسـتە بەلانـی کەم ئەمـانەی خوارەوە لە خۆبگرێت:

أ- هەمان زانیارییەکانی هاتوو لە بڕگەی (١/أ، ب، ج، ح)ی سەرەوە.

ب- زانیارییەکانی بەشداربوو: تۆمـارکردنی زانیارییەکـانی بەشـداربوو لە گرێبەسـتەکە بەم شـێوەیە دەبێت:

- ناو و مێژووی لەدایکبوونی بەشداربوو، (ناوی دایکیشی ئەگەر تواندرا).
- زانیارییەکانی پاسەپۆرت (ژمارەی پاسەپۆرت، ڕەگەزنامەی بەشداربوو)
- ناونیشانی بەشداربوو: شوێنی نیشتەجێبوونی یان نزیکترین خـاڵ لە شـوێنی نیشـتەجێبوونی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

ج- بەدیکۆمێنتکردنی دیکۆمێنتەکانی بەشداربوو:

- پاسەپۆرت (ڕەنگاوڕەنگ)
- کارتی نشینگە یان ڤیزەی هاتنەژوورەوە (ڕەنگاوڕەنگ) دەربارەی ئەوانەی بەشـێوەیەکی کـاتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کار دەکەن.

د- ماوەی کاراکردنی توێژاڵەکانی سەردانیکەران بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژە و دەکرێت نوێ بکرێتەوە بۆ یەک جار و بەهەمان ماوە.

هـ- مۆڵەتپێدراو دەتوانێت لە هەمانکاتدا تەنیا (٤) تویێژاڵ بفرۆشێت بە یەک بەشداربوو (سەردانیکەر) بەمەرجێک هەر تویێژاڵێک بە گرێبەستێکی سەربەخۆ تۆمار بکرێت، رێگا نادرێت رێگەپێدراو لە (٤) تویێژاڵ زیاتر تۆمار بکات لە سیستەمەکانی لەسەر ناوی یەک بەشداربوو تەنیا لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی کاراکردن و دووبارە پێدانەوە.

٣- دەربارەی ئەو تویێژاڵانەی دەفرۆشرێت بە کۆچبەران و پەنابەران، مۆڵەتپێدراو پابەند دەبێت بە تۆمارکردن بەپێی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- دیکۆمێنتی UN (ماوە بەسەرنەچوو).

ب- دیکۆمێنتی خیوەتگا (ماوە بەسەرنەچوو).

ج- ناسنامە یان دیکۆمێنتی نشینگە کە دەردەچێت لە هەردوو وەزارەتی ناوخۆی فیدڕاڵ و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

د- لەکاتی هەبوونی دیکۆمێنتەکانی پەنابەر پێویستی بە (پاسەپۆرت + دیکۆمێنتی نشینگەی ماوەبەسەرنەچوو) هەیە، دەربارەی عێراقییان پێویستی بە (بەڵگەنامەی سەلمێنەر) دەبێت.

٤- رێکەوتی کاراکردنی تویێژاڵەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە دادەندرێت بە رێکەوتی کڕین و رێکخستنی گرێبەستەکە نەک رێککەوتی یەکەم گفتوگۆی تەلەفۆنی نێوان هەر رێککارێکی دیکە کە بەشداربوو ئەنجامیدەدات.

٥- رێگا دەدرێت بە رێگەپێدراو بە فرۆشتنی تەنیا (٧) تویێژاڵی ئاسایی بۆ یەک بەشداربوو بەمەرجێک هەر تویێژاڵێک بە گرێبەستێکی سەربەخۆ تۆمار بکرێت، نابێت زیاتر لە (٧) تویێژاڵی ئاسایی تۆماربکات (کارا + ناکارا) لە سیستەمەکانی بۆ یەک بەشداربوو سەرباری فرۆشتنی (٣) تویێژاڵی (داتا) زیاتر نەبێت بە هەمان بەشداربوو و گرێبەستی جیاواز.

٦- دەربارەی ئەو تویێژاڵانەی کە بە شێوەی کۆ (جملة) دەفرۆشرێن بە دەزگا و کۆمپانیاکان لە (١٠ تاکو ٢٤٩) تویێژاڵ (ئاسایی و داتا)، پێویستە رێگەپێدراو پابەند بێت بەم رێککارانەی خوارەوە:

**أ.** گرێبەستی کڕین رێکدەخرێت بە ناوی راسپێردراو (مخول) و بەپێی دەقنووسکراو لە مادەی (سێیەم/ چوارەم: **تۆمارکردنی بەشداربوو و میکانیزمی بە بەڵگەکردنی ئەلیکترۆنی**) ئەم رێنماییە سەرباری بەڵێننامە و نووسراوی راسپاردن و زنجیرەی ژمارە فرۆشراوەکان.

**ب.** پێدانی بەراییەکانی دەزگاکە بە لایەنی ئەمنی (ناوی بەڕێوەبەری جێبەجێکار + بەڵگەنامە سەلمێنەرەکان + ناوی راسپێردراو + ناونیشان+ نووسراوی راسپاردن).

٧- دەربارەی ئەو تویێژاڵانەی کە بە شێوەی کۆ (جملة) دەفرۆشرێن بە دەزگا و کۆمپانیاکان لە (٢٥٠ و زیاتر) تویێژاڵ (ئاسایی و داتا)، پێویستە رێگەپێدراو پابەند بێت بەم رێککارانەی خوارەوە:

أ- وەرگرتنی رەزامەندی لایەنی ئەمنی پێش فرۆشتنی بە دەزگا یان کۆمپانیاکە.

ب- پێدانی بەراییەکانی دەزگاکە بە لایەنی ئەمنی (ناوی بەڕێوەبەری جێبەجێکار + بەڵگەنامە سەلمێنەرەکان + ناوی راسپێردراو + ناونیشان+ نووسراوی راسپاردن)
ج- پێدانی بەراییەکانی کەسی راسپێردراو بە لایەنی ئەمنی، دەربارەی دامودەزگاکانی حکومەت.
د- لەکاتی گۆڕانی ناوی راسپێردراو یان بەڕێوەبەری کۆمپانیا، پێویستە مۆڵەتپێدراو ئاگاداری لایەنی ئەمنی بکاتەوە بەشێوەیەکی فەرمی.
هـ- پێدانی خشتەی زانیاری (لیست) بەلایەنی ئەمنی کە زنجیرەژمارەکانی توێژاڵەکانی کە دابین کراوە بۆ دەزگاکە لەخۆبگرێت.
و- مۆڵەتپێدراو دەستەبەری ئەوە دەکات کە مەرجێک لە گرێبەستەکە دابنێت کە لەگەڵ دەزگاکە ئەنجامیدەدات بۆ بەدەستهێنانی توێژاڵەکانی تەلەفۆن و بە دەق بنووسرێت (دەزگاکە یان کۆمپانیاکە دەستەبەری (یتکفل) دەکات بە پێدانی ناوی فەرمانبەران و ئەو ژمارەمۆبایلانەی بۆیان تەرخانکراوە بە شێوەی (لیست)، بەلایەنی ئەمنی.
ز- مۆڵەتپێدراو دەستەبەری ئەوە دەکات بە تەرخانکردنی تیمێک بۆ ناردنیان بۆ بارەگای دەزگاکە یان کۆمپانیاکە بۆ تۆمارکردنی توێژاڵەکان بەپێی میکانیزمی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی و بەشێوەی ساڵانە.
٨- دەربارەی هێلەکانی دەزگاکان یان کۆمپانیاکان، کاتی خایاندنی کاراکردنی توێژاڵەکە بەلانی کەم تەنیا یەک کاتژمێرە راستەوخۆ دوای رێکخستنی گرێبەستەکە دەبێت، و نابێت توێژاڵەکە کارابکرێت بەر لە رێکخستنی گرێبەستەکە، یان بەپێی داواکاری ئەو دەزگایەی کە گرێبەستی لەگەڵدا دەکات.
٩- دەبێت کاراکردنی خزمەتگوزارییەکە بۆ بەشداربوو مەرجدار بێت بە گرێبەستکردنی راستەوخۆ (گرێبەستکردنی راستەوخۆ لە نێوان مۆڵەتپێدراو و بەشداربوو) لەکاتی فرۆشتنی راستەوخۆ بۆ بەشداربوو، و لە کاتی فرۆشتنیان بە دەزگاکان یان کۆمپانیاکان لە رێگای نووسراوی راسپاردن دەبێت.
١٠- رێکخستنی گرێبەستی تایبەت بە فرۆشتنی توێژاڵە بەکارهاتووەکان لە ئامێرە تایبەتییەکانی خزمەتگوزارییەکان MII-FI و داتا و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی هاوشێوە کە پێویستی بە توێژاڵ هەیە بۆ کارپێکردنی، بەپێی هاتووە لە ماددەی (سێیەم / چوارەم: **تۆمارکردنی بەشداربوو و میکانیزمی بە بەڵگەکردنی ئەلیکترۆنی**) ئەم رێنماییە و دەچێتە ژێرباری مەرج و رێککارەکانی هاتوو لەم رێنماییە.
١١- پێویستە لەسەر گشت بریکارەکان لەکاتی گرێبەستکردن پێویستە بە ئامادەبوونی خودی کەسی بەشداربوو بێت و بەرپرسیاری یاسایی تەواو هەڵدەگرن بەرامبەر وەرگرتنی پەنجە مۆر و وێنەی زیندوو و زانیارییەکان و دیکۆمێنتەکانی بەشداربوو بۆ هەمان کڕیار و دەچێتە ژێرباری یاسا لەبەرامبەر لایەنە ئەمنی و یاساییەکان لە وڵات لەکاتی روودان و سەلماندنی سەرپێچی پێش کۆتاییهاتنی ماوەی وردبینیکردن کە هاتووە لەم رێنماییە.

١٢- میکانیزمی رادەستکردنی گرێبەستەکە بە بەشداربوو:

أ- مۆڵەتپێدراو پابەند دەبێت وێنەیەکی رەنگاورەنگ و پەسەندکراو لە گرێبەستی ئەنجامدراو بەهۆی پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بەشێوەی کڕینی راستەوخۆ لە بریکار، رادەستی بەشداربوو بکات یان ناردنی بەهۆی ئیمەیڵی ئەلیکترۆنی(ئەگەر هەبوو)، کە تێیدا گشت زانیارییەکانی (بریکار، مۆری تایبەت بە کۆمپانیاکە) لەخۆبگرێت.

ب- لەکاتێکدا نەتواندرا وێنەیەک لە گرێبەستەکە بەشێوەی راستەوخۆ رادەستی بەشداربوو بکرێت، ئەوا لەسەر مۆڵەتپێدراوە پسوولەیەکی رادەستکردنی رەنگاورەنگ کە لۆگۆی کۆمپانیاکەی لەسەر بێت رادەستی بەشداربوو بکات و ئەمانەی خوارەوەی تێدا بێت:

- ژمارەی توێژاڵەکە، ناوی سیانی و واژۆی بەشداربوو، ژمارەی ناسنامەی بەشداربوو.
- ناوی نوێنەری فرۆشەکان (مندوب المبيعات) یان بریکاری رێگەپێدراو
- ناو و واژوو و مۆری بریکار یان ناوی نوێنەری فرۆشەکان.
- رێکەوتی فرۆشتنی توێژاڵەکە.
- مۆڵەتپێدراو بەڵێندەدات بە ئاسانکاریکردن گشت رێوشوێنەکانی پێویست بۆئەوەی بەشداربوو وێنەیەکی رەنگاوڕەنگ و پەسەنکراوی گرێبەستەکە بەدەستبهێنێت، بەپێی ئەوەی کە دیاریکراوە لەسەرەوە لەکاتی سەردانیکردنی یەکێک لە بنکە سەرەکییەکان.

ج- مۆڵەتپێدراو پابەند دەبێت بە رادەستکردنی وێنەیەکی پەسەندکراوی گرێبەستە بە بەشداربوو لە یەکێک لە بنکە سەرەکییەکان پاش ماوەیەک کە لە ١٠ رۆژ تێپەڕ نەکات لە رێکەوتی کڕینی توێژاڵەکە.

د- لە هەموو حاڵەتەکان، پسوولەی رادەستکردن جێگرەوەی گرێبەستەکە نییە و دەبێت بەشداربوو ئاگادار بکرێتەوە لەم بابەتە.

هـ- مۆڵەتپێدراو تەواو پابەند دەبێت بە پێدانی (گرێبەستی ئەنجامدراو بەهۆی پرۆسەی بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی لە دوای کاراکردنی توێژاڵەکە بەشێوەیەکی روون و رەنگاوڕەنگ و پەسەندکراو لەلایەن کۆمپانیاکە) بە لایەنە دادوەرییەکان لەکاتی داواکردنی، کە تێیدا گشت زانیاریی و داتاکانی هاتوو لەم رێنماییە لەخۆبگرێت، بە پێچەوانەوە کۆمپانیاکە بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم لایەنە تایبەتمەندەکان، دەربارەی گریبەستە رەتکراوەکان لەلایەن مۆڵەتپێدراو پێویستە بدرێتە لایەنە ئەمنییەکان یان لایەنە دادوەرییەکان لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیان بە رەتکردنەوەی گرێبەستەکە بەهۆی سەرپێچیکردن لە رێککارەکانی ئەم رێنماییە و ئاشکرا کردنی هۆکاری رەتکردنەوەکە (ئەگەر تواندرا).

١٣- لەگشت حاڵەتەکان نابێت بریکار هەڵبستێت بە کاراکردنی هەر توێژاڵێک لە رێگەی ئامێرەکانی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی تایبەت بە بریکارێکی دیکە، لەسەر مۆڵەتپێدراوە پابەندبێت بە تەرخانکردنی ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕی جیاواز و دیاریکردنی ژمارەی تەلەفۆنی بریکار، سەرباری هەڵنەگرتنی زانیارییەکان یان دیکۆمێنتەکانی هەر بەشدار بوویەک لەلایەن بریکار لە دوای ناردنی گرێبەستەکە بۆ مۆڵەتپێدراو.

١٤- مۆڵەتپێدراو پابەندە لە رێگای مۆڵەتپێدەرەوە بە پێشکەشکردنی راپۆرتێکی مانگانە (پاش ١٠ رۆژ لە کۆتایی هەر مانگێک) بە لایەنی ئەمنی و بەشێوەیەکی فەرمی کە تێیدا گشت ژمارە فرۆشراوەکان و گرێبەستە ئەلیکترۆنەکانیان لەخۆبگرێت بە شێوەیەیکی تێروتەسەل، سەرباری گرێبەستە رەتکراوەکان.

**ماددەی (٤): رێککارەکانی تۆمارکردن و مەرجەکان و هەڵوەشانەوەی بریکار**

**یەکەم: رێککارەکانی تۆمارکردنی بریکار بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

١- پێشکەشکردنی داواکارییەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ب.کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەتپێدان و ئەم دیکۆمێنتانە لە لەخۆبگرێت و هاوپێچ بکرێت:

أ- نووسراوێکی فەرمی لەلایەن مۆڵەتپێدراو کە بیسەلمێنی کە بە فەرمی رێگەپێدراوە بە فرۆشتنی تویێژاڵی سیم، هاوپێچی داواکاری بڕگە/١ی سەرەوە بکرێت.

ب- بەڵگەنامە سەلمێنەرەکان (کارتی زانیاری، کارتی نیشتیمانی یان ناسنامەی باری شارستانی و رەگەزنامەی عێراقی و هەر دیکۆمێنتێکی سەلمێنەری دیکە) هاوپێچی داواکاری بڕگە(١)ی سەرەوە بکرێت.

٢- نوێکردنەوەی ساڵانەی رێگەپێدان بەپێی خاڵی (١)ی سەرەوە دەبێت.

**دووەم: مەرجەکان بوون بە بریکار**

١- هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت و لە دایک و باوکێکی عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت بەپێی بەڵگەنامەی کارتی زانیاری.

٢- تەمەنی کەمتر نەبێت لە (١٨) ساڵ لە کاتی داواکاری بوون بە بریکار.

٣- خاوەن خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی بەرزو باش بێت.

٤- تاوانبار نەکرابێت بە هیچ تاوان و کەتنێک و حوکم نەدرا بێت بەپێشکەش کردنی بەڵگەنامەی (عدم محکومیە) لە بەرێوەبەرایەتی بەڵگەکانی تاوان.

**سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی رێگەپێدانی بریکار**

١- وازهێنانی بە ئارەزووی خۆی لە رێگای پێشکەش کردنی داواکارییەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

٢- کۆچی دوایی کردنی یان نەخۆشکەوتنی کە کە بە هۆیەوە نەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات بەپێی راپۆرتی پزیشکی.

٣-بەجێ هێشتنی کارەکەی بەبێ هیچ هۆیەک بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژی بەردەوام .

٤- پابەندکردنی بە وازهێنانی کارەکەی بەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ- مانەوەی لەکارەکەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت بەپێی لێکۆڵینەوە و بەڵگەی پێویست.

ب- دەرچوونی حوکمێک بەرامبەری لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانێکی ئابرووبەر .

ج- پابەندنەبوون بە رێککارەکانی هاتوو لەم رێنماییە.

**ماددەی (٥): لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە**

١- پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوون لە هەر ناحیە و قەزایەک و چەند لیژنەیەک لە پارێزگان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم لە نوێنەرانی (پۆلیس و ئاسایش و نوێنەری وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن لە یەکەی کارگێڕی، ئەگەر نوێنەری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە یەکە کارگێڕییەکە نەبوو ئەوا نوێنەرێکی یەکە کارگێڕییەکە دادەندرێت) بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە و وابەستەی (سەربە) ئاسایش دەبن.

٢- دەسەڵات و ئەرک و پابەندییەکانی ئەم لیژنانە بەپێی دەقنووسکراو لەم ڕێنماییە دەبێت.

٣- دابینکردنی هەر پێداویستییەک لە هەبووەکان و میلاک بۆ ئەم لیژنە بەردەوامە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای ئاسایشی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە بەپێی پێویستی لیژنەکان

٤- پێویستە لەسەر مۆڵەتپێدراو لیستێکی (هەروەها ئەپدەیتکراو) بەناو و ناونیشان و ژمارە مۆبایلی گشت بریکار کە ڕێگەپێدراون بە فرۆشتنی توێژاڵەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە بدات بە لیژنەی بڕگە ١ی سەرەوە لە هەر یەکەیەکی کارگێڕی، هەروەها لەکاتی نوێکردنەوەی لیستەکان بەبەردەوامی وپێدانیان.

٥- کاری ئەم لیژنەیە بریتییە لە بەدواداچوون و پشکنینی هەر شوێنێکی کڕین و فرۆشتنی توێژاڵی لێدەکرێت بە ڕێگەپێدراوان و ڕێگەپێنەدراوانی فرۆشتنی توێژاڵی سیم.

٦- لیژنە بۆی هەیە بە هەڵوەشاندنەوەی هەر بریکارێک و ڕێگەپێدراوێک یان داخستنییان کە سەرپێچی ئەم ڕێنماییە بکات بۆ ماوەی هەفتەیەک و لەکاتی دووبارەکردنەوەی لە ماوەی (٣) مانگ، بۆ ماوەی (١)مانگ دادەخرێت و پێبژاردن پێ دەکرێت بە پێی پێبژاردنەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە و تا سەرپێچییەکان چارەسەر نەکات ڕێگای پێنادرێت دەست بەکار بکاتەوە.

٧- لیژنە بۆی هەیە بە داخستنی هەر شوێنێک کە ڕێگەپێدراو نەبێت بە فرۆشتنی توێژاڵەکان و دەستبەسەرداگرتنی گشت کەلوپەلەکانی تۆمارکردن و شوێنەکە.

٨- لیژنە بۆی هەیە بە ڕەوانەکردنی سەرپێچیکاران لەکاتی تۆمارکردنی توێژاڵەکان بە دیکۆمێنتی ساختە یان کەسێکی دیکە لە جیاتی بەشداربوویەکی دیکە بۆ دادگای تایبەتمەند.

**ماددەی (٦): ئەحکامە داراییەکان**

**یەکەم: رسومات**

١- بڕی (رسومات)ی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەرامبەر تۆمارکردن و ڕێگەپێدانی هەر بریکارێک لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت.

٢- بڕی (رسومات)ی (٤٠٠,٠٠٠) چوارسەد هەزار دینار بەرامبەر نوێکردنەوەی ساڵانەی تۆمارکردن و ڕێگەپێدانی هەر بریکارێک لە وەزارەتی ناوخۆ.

**دووەم: پێبژاردنەکان (غرامات)**

پێبژاردنـی بریکـار بە بـڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سـێ ملیـۆن دینـاری عێراقـی بـۆ هەر تویژاڵێـک لەکـاتی پابەندنەبوونیان بە جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەم ڕێنماییە.

**سێیەم:** ئەو رسومات و پێبژاردنانەی برگە(یەکەم و دووەم)ی سەرەوە دەخرێتە سەر ئەژمێرێکی بانکی تایبەت بە ناوی وەزارەتی ناوخۆ و بەم شێوەیە خەرج دەکرێت:

أ- (١٠٪) بۆ سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکان کە لە لایەن وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت.

ب- (١٠٪) بۆ وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن لە لایەن وەزیری گواستنەوە و گەیاندن خەرج دەکرێت.

ج- (٣٠ ٪) بۆ وەزارەتی ناوخۆ کە لە لایەن وەزیری نـاوخۆ بـۆ پەرەپێـدانی فەرمانگەکـانی وەزارەتـی ناوخۆ خەرج دەکرێت.

د- (٥٠٪) بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

## ئەحکامە کۆتاییەکان

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** بەهـیچ شـێوەیەک نابێـت تـوێژاڵی سـیمی ئەلیکترۆنـی بفرۆشـێت تەنیـا لەلایەن بریکـار و ڕێگەپێدراو لەلایەن مۆلەتپێدراو.

**دووەم:** ڕاگرتنـی گشـت تـوێژاڵە کـارکراوو کـارانەکراو کە لە بازاڕەکـان دەفرۆشـرێن بەبـێ هەبـوونی ڕێگەپێدان بە فرۆشنیان لەلایەن مۆڵەتپێدراو.

**سێیەم:** مـاوەی (٦٠) شەسـت ڕۆژ دەدرێـت بەو هاوڵاتیـانەی کە توێژاڵەکانیـان بە نـاوی خۆیـان نـیە سەردانی بنکەکانی تۆمارکردن بـکەن بـۆ تۆمـارکردنی بە نـاوی خۆیـان و دوای تێپەربـوونی ئەو ماوەیە خزمەتگوزارییەکان ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٨):**

ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی دەرچـوونییەوە کـاری پێـدەکرێت و لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاو دەکرێتەوە

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**